# مێژوی داقوق و فەرمانڕەوایانی کورد

هاشم عاسی کاکەیی

بەشی یەکەم

1- پێناسێکی جوگرافیو مێژوویی داقوق

هەر لەچاخەکانی بەردینەوە مرۆڤ لەکوردستاندا ژیاوە، دێی چەرموو کەنزیکی شاری کەرکوکە شایەتی ئەم بۆچوونەیە. کوردستان واتە ولآتی چیاو شاخو بەرزایىو نشێوو زەوی بەپیتو بۆ کشتوکاڵ لەبارو، سەرچاوەی ئاوو بارانو روبارو کانیو کارێزو. .... ئەمانە هەموو بوونەتە هۆی تێدا جێگر بوونی مرۆڤو سەرهەڵدانی شارستانی کەلەمێژوودا بەیەکەم لانکەی شارستانی مرۆڤ بناسرێ. بەهۆی ئەم هەڵکەوتە جوگرافییەی کوردستان، کە ئاوو هەوای لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو ئاژەڵ بەخێوکردن، پەیتا پەیتا گروپە رەگەزو زمان جیاوازەکان رویان تێکردو تووشی چەندەها هێرشو پەلاماری هەمەجۆر بووە، وەك عەرەبىو فارسىو مەغۆلی، لەگەڵ هاتنی ئەم جۆرە شەپۆلە بیانییە هەمەجۆرانەی کەرویان لەم خاكو نیشتمانەی کورد کرد، دەبینین شوێن پەنجەی خۆیان بەسەر دانیشتوانە رەسەنەکەوە بەجێهێشت، بۆیە ئەمرۆ چەند نەتەوەو ئاینێکی هەمەچەشنی لەخۆگرتووە [1]. عبدالرزاق الحسنی مێژوونووسی عیراقی ئەڵێ: ((لیوای کەرکوك لەچوار قەزا پێکهاتبوو

1- قەزای کەرکوك

2- قەزای کفری

3- قەزای داقوق

4- قەزای چەمچەماڵ.

قەزای کەرکوکیش چوار ناحیەی هەبوو، قەرەحەسەن، ئاڵتون کۆپری (پردێ)، ملحە، شوان، قەزای کفریش سێ ناحیەی هەبوو پێباز، قەرەتەپە، قەلآی شێروانە. بەلآم قەزای داقوق دوو ناحیەی هەبوو قادر کەرەم، دوزخورماتو. قەزای چەمچەماڵیش خاوەن دوو ناحیەی ئاغجەلەرو سەنگاو بووە [2] شارۆچکەی (داقوق) دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی نێوان کەرکوكو بەغداوەو 40کم لەباشووری کەرکوکەو، هەڵکەوتە جواگرافیاکەشی شوێنێکی گرنگە، چونکە یەکێکە لەدەروازە سەرەکییەکانی بەرەو بەرزایىو ناوچە شاخاوییەکانی ناوچەکەو سەرباری ئەوەی بازاڕێك بووە بۆ ساغکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی لەدەشتاییەکانی ناوەڕاستو باشووری (عیراقی عەرەب) بۆ ناوچەکە دەهێنران [3].

داقوق شارێکی کۆنەو ئەکەوێتە سەر لای چەپی روباری رۆخانە – طاوق چای لەنیوان کەرکوكو دوزخورماتو [4] ناحیە داقوق، خاوەن چەندەها گوندی کورد نشینو زەویو زارێکی فراوانو چەمو روبارە لەگەڵ زەوییەکی بەپیتی کشتوکاڵیو نیشێوو چەند بەشێکی لەگردو چیاو تەپۆڵکەو گردۆڵگەی پێچاوپێچ

پێکهاتووه. زەوی‌و زاری ناحیەکە بەشێك لەلای خۆرئاوای لیوای کەرکوك داگیر دەکات‌و ناحیەکەی دەکەوێتە بەشی باشووری شاری کەرکوك‌و هەروەها بەشێك لەباکووری رۆژئاوا لەزەوییەکانی خورماتو داگیر دەکات‌و سنووری ناحیەکە لەرۆژهەڵاتەوه ناحیەی قەرەحەسەن‌و ناوەندی قەزای کەرکوکەو لەباشووری رۆژهەڵات ناوەندی قەزای خورماتووه، لەباشووریشەوه بەشێك لەزەوی‌و زاری سامەڕەیەو، رووبەرو پێوانەی زەوی‌و زاری ناحیەکە (823کم$^2$)یە کە یەکسانە بە (329200-دۆنم مشارە)) [5].

ئاووهەوای داقوق مامناوەندییەو ئاوی سازگارو خۆشە کە بە (رۆخانە)و (باسەڕا)ی نێودەبەن، بەزۆری خانووبەرەی لەقوڕ دروست کراون‌و دارەڕا کراون، روناکیشیان بەهۆی زەیت‌و مۆمەوەیە، زمانەکانیشی کوردی‌و تورکییەو شتێکی نامۆ بووە کەسێك بەعەرەبی بدوێ یان لێی تێبگات [6]. ژمارەی گوندەکانی داقوق (62) گوندەو گرنگترینیان (هەفتەغار)و قوتابخانەو نەخۆشخانەیەکی تێدا بووە، دووەمیان (تۆبزاوەی کاکەیی‌یە) لە 1935 خاوەنی قوتابخانەو بیری ئیرتیوازی‌و نەخۆشخانەیەك بووە. هۆزەکانی ناحیەکەش بریتین لەچوار هۆز، داودەو تاڵەبانی‌و کاکەیی‌و عوبێد لەگەل هەندێ لەتیرەی هۆزەکانی کوردو عەرەب [7]. خوالێخوشبوو د. جەواد مستەفا سەبارەت بەناوی (داقوق- دقوقا)ی نووسیوە، لەئەنجامی شوێنی بابەتی کارێکی زەنگ لێدانەوە، یان ئەو ئامێرەی کارەکەی پێ ئەنجامدراوە هاتووە [8]. مامۆستا رۆژبەیانیش ئەڵێ: ناوی (داقوق- دقوقا) دەستەواژەیەکی کوردی ئاوێتەیە لەدوو بێژەی (دە) واتە گوندو (کوك –کۆك) کەبەواتای گەورە دێت، کە تێکڕا واتاکەی دەبێتە (دێی کۆك= دێی گەورە) [9]. کەچی تورکە ئازەرییەکانی داقوق ناوەکەیان بە (تاووق) گۆڕیوە واتە مریشك. کاکەییەکانی ناو شارۆچکەی داقوقیش گوندەکەی خۆیان ناو ناوە (خۆرس= کەڵەشێر)و بووەتە گەڕەکێکی مەزنی داقوق. هەروەها بەپێی لێکدانەوەیەکی مامۆستا توفیق وەهبی، (داقوق) لەئەنجامی پێوە لکاندنی پیتی (H) (کەلەلایەن هیندو ئەورپیەکانەوە ناسراوە) بەناو ناوە ئەسڵییەکەی (دە)- (دەهە) لەئەنجامدا ناوەکە بووتە (دەهەك)و دوای ئەمەش دەهلوك یان (دەهکووکە) بەڵام وردە وردە دەنگی (ها) لەلایەن کوردەکان بەرەو نەمان چووە تا ناوەکە بووە بە (دەکوك) پاشان ناوەکە عەرەباندرایە بۆ (داکوك- داقوق) [10].

داقوق بەدرێژایی مێژووی یەکێك بووە لەشارەکانی (باجەرمی- گەرمیان)و لەسەردەمی پەیدابوونی ئیسلام لەروی کارگێڕییەوە بە (کوفە)یان بەستووەتەوە لەسەردەمی ئەمەوییەکان یەکێك بووە لەگۆڕەپانی شەڕی خەواریج‌و میرنشینێکی سەربەخۆ بووە، دراویشی لەسەردەمی عەباسی‌یەکاندا بەناوی خۆیەوە لێداوە لەماوەی سەدەکانی سێیەم‌و چوارەم‌و پێنجەمی کۆچی (داقوق) یەکێك بووە لەو ناوچانەی سەر بەمیرنشینی کوردانی حەسنەوی‌و عەنازی‌و جاوان- گاوان بووە، پاشان چووەتە پاڵ میرنشینەکانی ئەردەڵانی‌و سۆران‌و بابان تا لەساڵی 1844 لەسەردەمی عوسمانی‌دا هەر بەناوی خۆیەوە کراوە بەبنکەی ناحیە [11].

لەهەردوو سەدەی نۆیەم‌و دەیەم، ژمارەیەك لەخانەوادەی تورکمانی (ئازەری) لەگەڵ هێرش‌و پەلامارەکانی بەرخی سپی‌و بەرخی رەش‌و سەفەوی هاتنە شارەکە کەپیشتر زۆری دانیشتوانی داقوق‌و

کەرکوك هەموو کورد بوون، (القلقشندی، 821ك، 1418ز مردووە) نووسیویە : وڵاتی کەرخینیو داقوق الناقە – تایفەیەکی کوردانی تێدایە خۆیان زیاتر لە (700) دەدەنو میرێکی سەر بەخۆشیانیان هەیە [12].

بەڵام لەپاش کشانەوەی ئەو هێزە داگیرکەرانە (600) یاخو (100)ماڵیان مایەوەو لەساڵی 1954 شارەکە 1978کەس بووە [13]. سەرژمێری تێکرای ناحیەکەش کە لە (59) گوند پێکهاتبوو 14,647 کەسو لەعەشیرەتەکانی کوردانی داودەوکاکەییو تیرەکانی زەند، لوڕ، لەك، گومەیی دانیشتووی گوندەکانی سەر بەتاڵەبانیو لەگەل چەند تیرەیەکی عەرەبی عوبێدو رەیاشی [14]. داقوق لەساڵی 1954 لە (300) ماڵ پێکهاتبوو، بەدووری (40کم) لەکەرکوكو (48کم) لەخورماتو، رێگای سەرەکی بەغدا- کەرکوك بەناویا تێدەپەڕی [15]. بەیانە نوێیەکانی تایبەت بەدانیشتوانی عیراق ئاماژە بەوە دەدەن کە دانیشتوانی (داقوق) لەنێوان ساڵانی (1947-1957) لەدوو هەزار کەس کەمتر بووە [16]. لەهەندێ سەرچاوە سەرژمێری داقوق 1320 کەس بووە، سەرژمێری قەزاکە لە 1947دا گەیشتووەتە (59029کەس)و (207 گوند)یشی هەبووە [17]. سی. جی. ئەدمۆندز سەبارەت بەدانیشتوانی داقوقی نووسیوە: دانیشتوانی داقوق لەتورکمانە قزباشەکانن بەپلەیەك، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکانی کوردو عەرەبن لەگەڵ تورکمانێکی زۆرکەم لەدوو گوندی نزیکی داقوقدا، ژمارەیەکی زۆر گوندی کوردان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی لەگەل چەند گوندێ عارەبان لەرۆژئاواوە کەموڵکایەتی زەوییەکانییان دەگەڕێنەوە بۆ کاکەییەکان کە خاوەنی هەژدە گوندی ناوچەی داقوقن، تاڵەبانیەکانیش خاوەنی حەوت گوندی ناوچەکەنو داودییەکانیش خاوەنی یانزە گوندین [18].

ئەمۆندز دێتە سەر پێناسەی قزلباشو ئەڵێ: زۆربەیان سەر بەبیرو باوەڕی بەکتاشین کە (حاجی بەکتاش وەلی) مورشیدو پیرێکی خوراسانی بوو، لە (کرمشهر)ی ئەناتولیا لەنیوەی دووەمی سەدەی دوانزە تێیدا جێگیر بوە، سوڵتان موڕادی یەکەم سوودی لێوەرگرتن بۆ ماوەی چوار سەدە بەهۆی دروست کردنی سوپای یەنیچەری- الانکشاریە، ئەم سوپایە پێکهاتبوو لەمنداڵانی مەسیحی، ئەوانەی بەزۆر دەبرانو دەکران بەموسڵمان، یاخود لەشەڕدا دەستگیر دەکران، فێری سەربازیو ژیانێکی سۆفییانەی تایبەت دەبوون بۆ بەرگری بوونەوە لەنارەحەتی ژیانو سەختی رۆژانی سەربازی، ئەمانە بڕبڕەی پیشتی سوپای عوسمانی بوونو هیچ پارەو پولێکیان پێ نەدەدرا تەنیا لەرۆژانی شەڕدا نەبێ. بۆیە ماوەی ئەویان پێدرابوو بازرگانێتی بکەنو لەدوایىدا ئەمانە مەیلیان بەرەو شۆڕش بوو، دوا سەرهەڵدانیان لەزستانی 1826 بەسەر بڕین کۆتاییان پێهات، بەکتاشی زیاتر لەتازە خورماتو- بەشیر- تسینو داقوق، خورماتو، قەرەتەپە، لەیلان دا هەنو ئەمانەیش لەدوو تایفەی مەزهەبی (دەروێشانو سۆفییان) پێکهاتوون [19].

شایانی باسە قزلباش تەنیا تورك ناگرێتەوە بەڵکو بەشێکیشی کوردنو ئەمۆندز ئاماژەی پێداوە لەلاپەڕە (252) کتێبەکەیدا کەوا تیرەی (عمارلی) قزلباش کوردنو سەر بەفارس بەگن لەدەڤەری بەیاتدا. مایەوە بڵێین سەرژمێری ساڵی 1977 داقوقو گوندەکانی بەم جۆرەیە، ژمارەی خێزانەکانی ناو شارەکە

(568خێزان)و كۆی گشتی (2744كەس) بووە، بەڵام ژمارەی خێزانەكانی گوندەكانی (2942خێزان) بووەو كۆی گشتی (18450 كەس) بووە [20].

-2 كشتوكاڵو سەرچاوەی ئاوو ئاودێری

ناحیەی داقوق گەلێ روبارو جۆگەلەی تێدایە لەگەل دۆڵو كانیاو كارێز. گرنگترین روباری بریتییە لە (رۆخانە)و لەچەند سەرچاوەیەك پێكدێتو جگە لەجوگەگەلێك لەچیاكانی سلێمانییەوە. كاتێك ئەم جۆگەلانە یەكانگیر دەبنو تێكەڵاوی یەك دەبن ئەم روبارە لە (دەربەند باسەرە) دروست دەكەن كەئەكەوێتە نیوان هەردوو ناحیەی (قەرەحەسەنو قادر كەرەم)و دەبێتە لەیەك جیاكەرەوەی هەردوو ناحیەكە، پاش ئەوەی ئەم روبارە زۆر لەزەوی‌و زارەكانی ئەم بەروئەوبەری خۆی ئاو دەدات زیادەكەی دەڕوات دەڕژێتە (شیوی عوزێم) [21]و. درێژی روباری عوزێم (230كم)و كۆی گشتی تەسریفی ئاوەكەی بەمەتری سێجا لەسانیەیەكدا 26,6م$^2$)یەو كۆی گشتی ئاوەكەی بەملیارەها مەتری سێجا (2110,86)یەوە رێژەی (1,64٪) لەكۆی روباری دیجلە پێك دێنێو روبەری حەوزەكەی (11000كم)ەو روباری عوزێم لەسێ جۆگەلە پێكدێت:

-1 خڕخاسە- خاسەچای كە بەشاری كەركوكدا تێدەپەرێ.

-2 رۆخانە- طاوق چای كە بەشارۆچكەی داقوقدا تێدەپەڕێ.

-3 ئاوەسپی- ئاق چای كەبەشاری خورماتودا تێدەپەڕێ.

روباری عوزێم یەكانگیر بەروباری دیجلە دەبێت لەباشووری شارۆچكەی (بەلەد)ی سەر بەتكریت بە (30كم)و دوای ئەوەی زنجیرە چیاكانی (حەمرین) دەبڕێت لەدەرتەنگی دمیرقاپی)) [22].

زەوی‌و زاری دەڤەری داقوق تا ساڵی 1970 پشتی بەچەند جۆگە ئاوێكی روباری رۆخانە دەبەست كەسەرچاوەی لەبەرزاییەكانی چیاكانی قەرەداخی پارێزگای سلێمانییەوە هەڵدەقوڵێ، كاتێ دەهاتە ناو زەوییەكانی داقوقەوە، دەبووە سێ لقە جۆگاوە، زەوی‌و زارێكی زۆری گوندەكانی ئاودەدا، لقێكیان بۆ گوندەكانی (داودە)ی وەك (هەفتەغار، مەنسوور، عەلی) دەچوو، بەڵام دوو جۆگەلەكەی تریان كە بەلای خۆرئاوای ناحیەكە تێدەپەڕی.. لقێكیان روی دەكردە گوندەكانی (تاڵەبانی)و زەوی‌و زاری گوندەكانی (كلیسە، سنور، یەنگیجە، عەولاغانم)و لقی دووەمی روی دەكردە گوندو زەوی‌و زارەكانی دەڤەری (كاكەیی) لەوانە: (خۆرس، مەتیق، عارەب كۆیی، ئەلبومحەمەە، تۆبزاوە، جینگڵاوە، عەلی سەرای، زەنقر، تەڕابعە) [23].

ئاوی مەشروع – پرۆژەی ئاودێری لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی رابردوو بەهۆی كۆمپانیەكی كۆرییەوە دەستی كرد بەچاككردنی جۆگا ئاوەكان، بەڵام پاش داگیركردنی زەوی‌و زاری گوندەكانی كاكەیی‌و داودە كەچەند گوندێكیان مابووەوە سودێكی كەمیان لەو ئاوە دەبینی، ئاوی پرۆژەكە تایبەت بوو بۆ عەرەبە هاوردەكان كە ببوونە خاوەن زەوی ناوچەكەو گەڵی نشینگەی تایبەتیان بۆ دروست كرا. وەك وتمان زۆربەی زەوی كشتوكاڵی ناحیەكە دەیمی‌یەو پشت بەئاوی باران دەبەستێتو گرنگترین بەرووبوومی بریتییە لەگەنمو جۆ (پێشتر مەرەزەی لێ دەكرا)و كونجی‌و زوڕاتو داڵیەو روانەدنی داری پرتەقاڵو ترێو

ترشەڵۆك‌و چاندنی داری خورما بەشێوەیەکی زۆرکەم‌و بێبەر [24]. هەروەها بەهۆی هەڵکەندنی بیرو پشت بەستن بەماتۆری کارەبا، ئەمرۆ لەهەندێك شوێنانی ناوچەکە: پەمو، کونجی، گەنمە شامی، کاڵەك‌و شوتی‌و بەروبوومی هاوینە دێتە بەرهەم. بەروبوومی مەڕو ماڵاتیش بریتی‌یە لەبەخێوکردنی مەڕو بزن‌و مانگاو ئەسپ‌و قاترو گوێ درێژ، چەندەها گیانداری کێوی‌و دەشتی لێیە وەك گورگ، کەمتیار، چەقەڵ، ڕێوی، ئەمرۆ بەهۆی پرۆژەی ئاودێری‌یەوە گیانداری بەرازو جۆرەها تەیرو تواڵ لەناوچەکەدا دەبینندرێن.

3- گۆڕینی دیموگرافیی داقوق‌و ناوچەکانی

ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە ناوچەو شارە کوردییەکان بشێوێنن‌و بۆ ئەم کارەیان دەستیان کردوەتە هێنانی عەرەبی بەدو بۆ ناوچەکەو نیشتەجێ کردنیان، سیاسەتی (یاسین الهاشمی) یەکێك بوو لەم هەنگاوەو درێغی نەکردوە. ڕژێمی بەعس لەساڵی 1970 دەستی کرد بەعەرەب کردنی ناوچەکانی داقوق‌و کەرکوك‌و دابەشکردنی زەوی‌و زاری کوردەکان بەسەر عەرەبە هێزاوەکان‌و چ بەداگیرکردنی زۆرملێ‌و چ بەکڕینی ئەو زەوی‌و زارانە لەخاوەن موڵکدارە کوردەکان بەپارە. دروست کردنی نشینگە بۆ عەرەبی بەدو لەگوندە کوردییەکانی (گومبز)و (قەڵای عوزێر) و (دەلسی بچووك)و (دەلسی گەورە)و (تەرابعە)و (شوێنانی تر. بەعەرەب تەنینی ناوچەکەو شەڕی نیوان ڕژێم‌و خەڵکی کوردستان‌و هێنانی ئاوی مەشروع، هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ تەعریب کردنی ناوچەکە، جگە لەبەخشینی سەیارەو ماڵ‌و چەك بەسەریاندا بووە هۆی خۆراگرتنیان‌و گەشاندنەوەی باری ئابووری‌یان، تێکدانی خەتی شەمەندەفەری کەرکوك –بەغدا کەسودێکی تایبەتی بەناوچە کوردنیشینەکان دەگەیاندو، زۆربەی گوندەکانی وەك (عەلی سەرا- تۆبزاوە- هەفتەغاز) دەکەوتنە سەر هێڵەکەو لەساڵی 1928 بەدواوە ئینگلیزەکان دروستیان کرد بوو. دکتۆر نوری تاڵەبانی باسی (داقوق)مان بۆ دەکات‌و ئەڵێ: لەم شارۆچکەیەجگە لەکوردیش، تورکمانی شیعەی تێدا دەژی، سەرژمێرییان بەگوێرەی 1957 بریتی بووە لە (10567کەس)، کەچی سەرژمێری عەرەب (1370کەس) بووە کە لەگوندی (شبێچە)و هەندێ گوندی تەنیشتی‌دا دەژیان، ڕژێم دەستی کردە کڕینی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەهەندێ دەرەبەگی کورد لە (15) گوندی کوردان کە دەکەونە ناوچەکانی عەشیرەتی (کاکەیی)و (داودە)، پاشان هەستا بەدابەش کردنی ئەو زەوییانە لەگەڵ زەوییەکانی تری سەر بەدەوڵەت بەسەر بەدوەکان‌و نەوەکانی عەشیرەتەکانی عەرەب‌و ئەم نشینگە عەرەبیانە دورست کران‌و پاشان کەوتنەبەر پرۆژەی ئاودێری کەرکوك کە بە (ری صدام) دەناسرا:

أ- نشینگەی (مهاوش) کە لە (30خێزان)ی جوتیاری عەشیرەتی عەلگاوی پێکهاتبوون لەساڵی 1973 نیشتەنی کران‌و ڕژێم سی خانووی بۆ دروست کردن.

ب- نشینگەی (العصریە)ی نزیك هەفتە غار، ڕژێم (480) خانووی تێدا دروست کردو پاشان جۆرەها عەشایری عەرەبی تێدا جێگیر کرد لەساڵی 1976.

ج- نشینگەی (حسین ئاغا) نزیکی (400) خانووی تێدا دروست کراو جۆرەها عەشایری عەرەبی تێدا نیشتەنی کران.

د- نشینگەیەكی دی لەساڵی 1981 هاتە دروست كردن لەنێوان گوندی (ئەلبوسەڕاج)و (هەفتەغار) بۆ نیشتەجێ كردنی عارەبان.

هـ- نشینگەی داقوق كە زیاتر لە (500) خانووە، لە 1982 بۆ بەدوی عەرەب دروست كرا لەسەر ڕێگای گشتی كەركوك – بەغدا.

و- نیشینگەی (كلیسە) هاوتەنیشتی داقوق كە لە (25) خانووی بەدوی عەرەب پێك دێت.

ز- دوو نشینگە هەریەكەیان لە (100) خانوو پێك دێت بەتەنیشتی نیشینگەی (العصریە) بۆ نیشنەنی كردنی بەدو لەساڵی 1980.

ح- دەركردنی (ترحیل) هەموو جوتیار كوردەكان لەگوندی (لهێب)و نیشتەنی كردنی عەرەب لەشوێنیان[25].

دكتور خەلیل ئیسماعیل ئەڵێ: ئەوەی رونو ئاشكرایە عەشایرە كوردەكان زۆرینەی دانیشتوانی ناحیەی (داقوق)یان پێكهێناوە، بەیانەكانی رەسمی حكومەتی عیراقی ئاماژە بەوە دەدەن كە رێژەی 72٪ ناحیەكە كورد بوون، سەیری ئەم خشتەیە بكە:

| ناوی عەشیرەت | 1947٪ | 1957٪ |
| --- | --- | --- |
| تاڵەبانی | 25,6 | 25,6 |
| داودی | 26,8 | 27,7 |
| كاكەیی | 19,5 | 18,9 |
| عەشیرەتەكانی دیكەو | 18,8 | 17 |
| توركمان | 9,2 | 9 ،9 |
| ئەلعوبێد | —— | 0,9 |
| ئەلنعێم | | |

رێژەی عەشایرە عەرەبەكان لە 10٪ تێنەدەپەڕیو زۆربەشیان لەگوندی (شبێچە)و دەوروبەریدا نیشتەجێ بوون، بەڵام زۆربەی توركمانەكان لەناو شارەكەدا بوون، لەتوێژینەوەیەكی مامۆستا عبدالرزاق الحسنیدا هاتووە، كەزمانی خەڵكی داقوق زمانی كوردی بووەو شتێكی نامۆ بووە یەكێك بەعەرەبی قسان بكات یان تێبگات)) [26].

ئەوەی جێگای سەرنجە رژێم عەشیرەتی كوردی كاكەیی لەسەرژمێری 1977 كە بەكورد نووسرابوون، هەموویانی بەعەرەب ناونووس كردەوە بەتۆقاندنی ناوچەكەو هەڕەشەی باركردنو دەستگرتن بەسەر زەوییەكانیاندا. لەدوای ساڵی 1974 ئەم نشینگانەی لەسەر زەوی كاكەیی دروستكران:

1. نشینگەی (عوزێریە) لە (200) خانوو پێك دێت بۆ عەرەبی العزە – محمداوی كە لەخالصو عوزێمەوە هاتوون.
2. نشینگەی (مرّە) دەیمەكان – لە (90) خانوو بۆ ئەلبورەیاشو عەرەبی تر.

3. نشینگەی (پاشا) لەدەلسی بچووکی سمایل ئاغا، لە (70) خانوو بۆ عەرەبی هەمەجۆر.
4. نشینگەی (تەرابعە) لە (80) خانوو بۆ عەرەبی طریشماوی لەعەباسیو شوێنانی ترەوە هاتوون.
5. نشینگەی (7 نیسان) لە (150) خانوو نزیکی گوندی (ئەلبومحەمەد) بۆ عەرەبی العزە لەعوزێمو خالصەوە هاتوون.
6. نشینگەی (حسن الشلال) لەنیوان گومبزو زەنقردا لە (70) خانوو.

3- شوێنەواری دێرین لەداقوقو ناوچەکەی

داقوق یەکێکە لەو شارۆچکە دێرینانەی کەچەندان گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، خۆڕاگر بووە بەرامبەر پێشهاتەکانو چەند جارێك ئاوەدانو چەند جارێکیش تێکدراوە. بەهۆی شوێنە ستراتیژییەکەی کە ئەکەوێتە سەر رێگای کاروانی هاتووی لەخۆرئاواوە بەرەو رۆژهەلاتو لەرۆژهەلاتیشەوە بۆ رۆژئاوا لەولاتی (ماد)و (ئازەربیجان)و ناوچەکانی باکوری ئێرانو مەملەکەتی (ئاشور)ی باشوری رۆژهەلاتی لەولاتی (مابین النهرین- میسوپوتامیا) ئەمەش ئەوە دەگەێنێ لەو سەردەمانەدا ناوچەیەکی گرنگی بازرگانێتی بووە، جگە لەشوێنەکەی کەمەلبەندێکی گرنگی سەربازیش بووە، دەبینین چەندەها تەپۆلکەو گردی دروست کراوی یەك هاوشانی ئەوەی تر لەنێوان (داقوق)و (شارەزور) لەباکووری رۆژهەلاتو هەروەها لەنێوانی ئەو- داقوق-و لەنێوان دیجلەو باشوورو خۆرئاوای دەبیندرێ، لەنێو ئەم قەلایانەدا قەلای کەرکوكو تازەخورماتو، ئاسکی کفریو چەمچەمالْ.... بێگومان ئەم تەپۆلکەو شوێنانە جێگای خۆقایم کردنو سوپاو چاودێری ناوچەکە بوونە، بەهۆی گرنگی رۆلْی بازرگانێتی داقوقو ناوچەکەی لەسەردەمانی رابردوودا، ئەوەی ئەمرۆ لەم شوێنەوارە دێرینەدا ئەکەوێتە پێش چاو منارەکەیەتی کە شێوەی لەمنارەکانی (هەولێر)و (ژەنگار) دەچێت واش دەردەکەوێت یەك ئەندازیار دروستیانی کردبێ لەیەك سەردەمدا [27]. شوێنەوار ناسان لەو باوەڕەدان ئەم منارەی داقوق بەفەرمانی (مظفرالدین کۆکبوری) فەرمانڕەوای هەولێر دوست کرا بێ کە لەسالْی 1132 کۆچی دوایی کردوە[28]. درێژی ئەم منارەیەی داقوق (23م)و هەندێ کنەو پشکنیین لەم شوینەوارە کراوە کە بریتی یە لەسەردەمی ئیسلامیو دەمی عەباسیو تەیمور لەنگو زیاتر پێویستی بەپشکنیین هەیە [29] چینەکانی ژێرەوەی کۆنترن، ئەمین زەگی بەگ نووسیویە ((کوردانی کەژو کێوی زاگرۆس لە (604ھ/1217م)دا تووشی ئیستیلاو تەخریبی خوارزمیەکان بوون..... کوڕی سولْتان محەمەد کەجلال الدین بوو، لەدوای مەغلوبیەتێکی زۆر لەگەلْ پاشماوەی ئۆردوەکەی لەهەمەدانەوە روی کردە تەڕەفی عیراق لەدوای تالانو وێرانکردنی ئەترافی بەدرەو بەعقوبەو تەخریب کردنی قەلای (داقوقا) کوشتارێکی زۆر لەخەلْکی ئەم ولاتانە، رووی کردە هەولێر....))[30].

هەروەها شوێنانی تری دێرینە لەداقوقدا هەیە، وەك گومەتی (خدر ئەلیاس- خیرزننە) کەشوێنەوارێکی دێرینی داقوقەو دەرگایەکی تەنگی هەیە ئەکەوێتە رۆژئاوای شارۆچکەکەوە، چەند جارێك چاککراوەتەوە بەڵام نەخش‌و نیگارەکانی لەدەست داوە، شوێنێکی تریش هەیە بەگومەتی (شاهەواس) بەناوبانگەو بریتی‌یە لەخانوویەك کەحەوشەیەکی هەیە لەگەل سەردابێك کە بە 14 پلیکانە مرۆڤ دادەبەزێتە خوارەوە [31]. ساڵێکیان باوکی رەحمەتیم دابەزییە ناوی بەڵام وتی زۆر تاریك بوو. لەشوێنەواری کۆنەکان (لاسین- لاشوم) کەبریتی‌یە لەزەوی‌و زاری کاکەییەکان‌و چەند کیلومەترێك لەداقوقەوە دوورە، لەساڵی 1922 ژمارەی ماڵانی (90) ماڵ بووە، جگە لەناوچەی (دێرەکان) کەئەکەوێتە نزیکی تۆبزاوە. هەروەها تەپەی ئاساو. پاشماوەکانی لای گوندی کلیسە. شوێنەواری کەنشتی وەك (لاشوم) لەکاتی خۆیدا ناوەندی ئەسقەفییەی پێکەوە ناوە لەسەدەکانی یەکەمی سەرهەڵدانی (فەلە)یەتی، کوردە (کەشیش)و (رەبەن)ەکانی وەك شەمموئ کوڕی فاخۆ لە (بیث دابیش)و بارشبای شارەزوری‌و ناتنیال شارەزوری، هەروەها جاثلیق صەبر یەشوعی یەکەم کە شوان بوو لەحەنی شاخەکانی شارەزورو پاشان بووەتە ئەسقەفی لاشوم، توانیویانە خەڵکانێ بهێنێتە سەر ئایینی (فەلە) وەك کوردە یاقوبییەکان و جورقانە مەسیحی‌یەکان [32].


سەرچاوەو پەراوێزی بەشی یەکەم

1- الدکتور خلیل اسماعیل، اقلیم کوردستان، الطبعة الثالثة، اربیل، 1999، ص44.

2- عبدالرزاق الحسنی، العراق قدیماً وحدیثاً، الطبعة السابعه، دار الیقظه العربیه، بغداد، 1982، ص 217.

3- د. خلیل اسماعیل، داقوق نیشتەجێکردنی عەرەب تاکەی، گۆڤاری گوڵان، ژ (401)، ئەیلولی 2002، ل28.

4- جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، مطبعة الاجیال، بغداد 1989، ص110.

5- محمد هادی الدفتر وعبدالله حسن، العراق الشمالی، مطبعة شفیق، بغداد 1955، ص227؛ هەروەها بڕوانە سمکۆ – ئەژی، مێژووی سەردەمە کارگێڕی‌و بەڕیوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، کۆمەڵەی روناکبیری‌و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژ 12، ساڵی 2002، لاپەڕە 15.

6- العراق قدیماً وحدیثاً، الطبعة السابعه، ص 225،

7- العراق الشمالی، مطبعة شفیق، ص277.

8- گۆڤاری گوڵان، ژمارە (401)، هەمان سەرچاوە، ل28.

9- محمد جمیل الروژبیانی، داقوق (دقوقاء) فی التأریخ، مطبعة المجمع العلمی العراقی، 1982، ص 371.

10- گۆڤاری گوڵان، ژ (401)، هەمان سەرچاوە، ص 28؛ هەروەها جمال بابان، اصول اسماء المدن العراقیه، ج 1، ص 110.

11- داقوق (داقوقاء) فی التأریخ، ص 434، هەروەها گۆڤاری گوڵان، ژ (401)، هەمان سەرچاوە، ص28.

12- الدكتور كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التـأريخ والضمير، الجزء الاول، مطبعة رينـوين، ص18.

13- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، نفس المصدر، ص 436.

14- سەرچاوەی پێشوو، ل 437.

15- بڕوانە العراق الشمالی، هەمان سەرچاوە، ص 279 .

16- گۆڤاری گوڵان، ژ 401، ص28.

17- عبدالرزاق الحسنی، العراق قديماً وحديثاً، ص 225.

18- سی.جی. ئەدموندز، كرد وترك وعرب، ترجمە جرجيس فـتح الله، مطبعة تـايمس، بغـداد 1971، ص 251.

19- سەرچاوەی پێشوو، ل ل 242، 243.

20- محمـد سـعيد صـوفی، پارێزگـای كـەركوك لـەناو پاكتـاوی رەگەزييـدا، گۆڤـاری كـەركوك، ژ 13، سـاڵی چوارەم، 2002، ل44.

21- العراق الشمالی، هەمان سەرچاوە، ص ص 288، 277 .

22- نوری ياسين الهرزانـی، الكاكائيـە دراسـە انثروبولوجيـة، رسـالە ماجـستير غـير منـشورە، جامعـە بغـداد، 1985، ص 29.

23- سەرچاوەی پێشوو، ل ل 44- 45؛ هەروەها داقوق دقوقاء في التأريخ، ص 440.

24- العراق الشمالی، هەمان سەرچاوە، ص 278.

25- منطقة كركوك ومحاولات لتغير واقعها القومی، هەمان سەرچاوە، ص ص 95، 94.

26- گۆڤاری گوڵان، ژ 401، ل28.

27- العراق الشمالی، هەمان سەرچاوە، ص 279.

28- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، هەمان سەرچاوە، ص 449.

29- شـريف يوسـف، تـأريخ فـن العمـارە العراقيـە في مختلـف العـصور، وزارە الثقافـة، دار الرشـيد، 1982، ص442.

30- محمـد امـين زەكـی، خوڵاصـەبەكی تـاريخی كـوردو كوردسـتان، بـەرگی يەكـەم 1931، چـاپی دەزگـای سەردەم، سليمانی، 2000، ل107.

31- داقوق (دقوقاء في التاريخ)، ص 450.

32- الدكتور جمال رشيد، دراسات كرديە في بلاد سوبارتو، مطبعة افاق عربيە، بغداد 1984، ص 102.

<u>تێبینی:</u> بەڵگەنامەكان لەناميلكەی (التطهير العرقی (تغير القوميە) للكوردو التركمان في كركوك، اعـداد المحامی طارق جمباز، عضو المجلس الوطني الكردسـتان العـراق، الطبعـة الثانيـة 2004، منـشورات الثقافة والاعلام (مركز تنظيم كركوك - الاتحاد الوطني الكردستانی) وەرگيراوە.

بەشی دووەم

## داقوقو فەرمانڕەوایانی کورد

لەم لێکۆڵینەوە مێژوویەدا ویستمان تەنیا باسی شاری (داقوق) بکەین لەژێر حوکم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کوردەکاندا، بەڵام بەهۆی ئەوەی " (داقوقو کەرکوك) بەشێکی گرنگ بوونە لە (شارەزور) بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە، بەتایبەتی لەسەردەمی هەردوو دەوڵەتی (حەسنەوی‌و عەنازی- عەیاری) و ئیمارەتەکانی سەربەخۆی ئەردەڵانو بابان سۆران، شارەزوریش شارو ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستانی دەگرتەوە. لەبەر ئەمە هاتین بابەتەکەمان وەك کلافە دەزوو لەسەرەتاوە هەڵکردو چوینەتە ناو مێژووی داقوقەوە باسەکەمان وەك سەرەتا پێویستی دەکرد خوێنەری کورد ئاشنا بکەین بەکورتەیەکی دروست بوونو سەرهەڵدانی دەوڵەتی حەسنەوی‌و پاشان عەیاری‌و لەوەدوا هاتوینەتە سەر (داقوق) لەخوێنەری بەرێزیش شاراوە نییە هەندێ جار پەلمان بۆ ئەم لاو ئەو لاش هاوێشتووە، بەئامانجی دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتە بەهەندێ سەرچاوەو زانیاری پێویستو ئەم هەنگاوانەش لەم بوارەدا رەنگە سودی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ لێکۆڵەرانی مێژووی (شارەزور)ی دێرین.

کوردستان بەدێژایی تەمەنی مێژووی، چەندەها جار تووشی شاڵاوی بێگانەی داگیرکەر بووەتەوە، کە پێش چەند سەدەیەك تووشی پەلاماری سەلجوقییەکان بووە لەساڵی (1051)، شاڵاوی مەغۆلەکان لەساڵی (1231ز)و، پەلاماری تەیمور لەنگ لەساڵی (1402ز) ئەم داگیرکەرانە کوردستانیان تووشی وێرانکارییەکی گەورە هێناوە گەلێ لەناوی شارو شارۆچکەو گوندو روبارو شاخو دەشتو دەریان گۆڕی، هێزەکان داگیرکەرو تێکدەربوونو هەڵگری هیچ جۆرە رەوشتێکی شارستانی نەبوون چونکە خاوەن شارستانییەکی سەربەخۆی خۆیان نەبوون. لەسەدەی 16ی زایین هەردوو دەوڵەتی ئێرانی‌و عوسمانی تووشی ململانییەکی سەخت ببون، هەستی ئایینی‌و مەزهەبی‌و تایفەگەرییان لای خەڵکی دەبزواند، تاکو لەم رێگایەوە بتوانن خاکی کوردستان قووت بدەنو بەسەر کوردانـدا زاڵ بن کوردستانیش ببووە چەند ئیمارەتو فەرمانڕەوایەکی یەك نەگرتوو.... بەڵام لەگەل ئەمەشدا گوێیان بەم داگیرکەرانە نەدەداو هەریەکە لەلای خۆیەوە کاری دەکرد بۆ فراوان کردنەوەی قەڵەمڕەوی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتییدا. خەلیفەکانی عەباسی هەربەناو دەسەڵاتیان لەکوردستاندا هەبوو، جگە لەبنەماڵەکانی بوەیهی‌و سەلجوقی، ناوچەکە هەموو لەژێر دەستی فەرمانڕەوا ناوخۆییە کوردەکاندا بووە، چونکە لەساڵی 330ك فەرمانڕەوا (حوسێن بەرزیکانی) سەرگەورەی تیرە کوردەکانی ناوچەی شارەزور کە پیاوێکی ئازاو لێهاتووبوو، توانی ناوبانگەی خوێ بدا بەگوێی خەلیفەی عەباسی (المتقی بالله ابراهیم بن المقتدر) کەوا خاوەن هێزو دەوڵەتەو دەستی گرتووە بەسەر چەندین قەڵاو شارداو، خەرێکی فراوان کردنەوەی دەسەڵاتە. بۆیە خەلیفە

وەزیرەکەی بەسوپاوە دەنێرێتە سەرو هیچی پێ ناکرێو بەتێکشکاوی‌و هەڵاتن دەگەڕێتەوە. کاتێکیش فەرمانڕەوا حوسێنی بەرزیکانی لە 348ك کۆچی دوایی دەکات (حەسنەوێ) کوڕی شوێنی دەگرێتەوەو باوك ئاسا توانی ناوبانگەی خۆی‌و دەسەڵاتی بڵاوبکاتەوە، بۆیە (معز الدولە البویهی) سڵی لێدەکردو فەرماندەی سوپاکەی (ینال گۆش) دەنێرێتە سەر ئیمارەتی حەسنەوێ لەگەل هاوکاری عەرەبی (بنی تغلب)ی حەمدانی بۆ سەرکوت کردنی، ئەوەبوو یەنال گۆش بەخۆی‌و سوپاو هێزەکانی بەنی تەغلب رووەو شارەزور مل دەنێن، بەڵام حەسنەوێ بەمە دەزانێو ئامادە باشی خۆی وەردەگرێو روبەرووبان دەوەستێو دەچێتە پێشیان تاکو رۆژئاوای هەولێرو رێگاو بانەکانیان لێ دەبڕێو شەڕێکی قورس رودەدا لەنێوانیانداو، یەنالێ گۆش بەخۆو سوپایەوە هەڵدێتو حەسنەوەێ دەگەڕێتەوە بۆ شارەزوو بەسەرکەوتوویی‌و توانی سنووری رۆژئاوای ئیمارەتەکەی فراوان بکاتەوە تاکو زێی گەورەی نێوان شارانی هەولێرو موسڵ. (1)

بوەیهییەکان ویستیان چالاکییەکانی حەسنەوێ راگرن بۆ ئەم مەبەستە (معز الدولە البویهی) هەستا بەناردنی سوپایەك بۆ سەر شارەزور بەسەرکردایەتی (یەنال گۆش) بۆ دووەم جارو، تێکشکا، وای لێهات پەیمانی ئاشتی لەگەڵدا مۆر بکەن‌و ماوەیەك نێوانیان هێور بووەوە، بەڵام ئەم بێدەنگییە زۆری نەخایاندو لەساڵی 356ك شەڕ لەنیوانیاندا دەستی پێکردەوە، ئەمجارەیان شەڕەکە لەنێوان حەسنەوێو (بەختیاری کوڕی معز الدولە)ی بوەیهی رویداو حەسنەوێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە ساڵی 357ك پێکهاتن بەوەی هەردوولایان رووبەڕووی (ابی تغلب الحمدانی) ببنەوە، ئەم پێشنیارەش لە (حەسنەوێ)وە سەری هەڵدا بۆ ئەوەی بتوانێ قەڵەمڕەوی ئیمارەتەکەی تاکو زێی گەورە فراوان بکاتو توانیشی بەم مەبەستەی بگات، بەڵام وادیارە (رکن الدولە) ئەم کارەی (حەسنەوەێ)ی پێ باش نەبووە، کەئەم جۆرە هاوپەیمانییە لەگەل بەختیاری برازایدا ببەستێ، چونکە پەیمان بەستنەکەی بەمەترسی زانیوە بۆ سەر بەرژەوەندی بوەیهی‌یەکان‌و لاوازکردنیان، لەبەر ئەمە (رکن الدولە) ترسی لێدەنیشێو حیسابی تایبەت بۆ حەسنەوێ دەکات بەتایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنەی لەساڵی 359ك حەسنەوێ بەدەستی هێناو بەسەر (سهلان بن مسافر) سەرکەوت کە ناوبانگی بە (محمد الروادی الکردی)و خاوەنی ناوچەکانی (طەرم و شەمیران‌و ئازەربایجان) بووە، بۆ ئەم مەبەستە هەستا بەناردنی سوپایەك لەژێر فەرماندەی وەزیرەکەی (ابی الفضل محمد بن الحسینی بن العمید) بەڵام بەهۆی مردنی ئەم فەرماندەیە کارەکەی بەئەنجام ناگاتو بۆجارێکی تر سوپاکە دەخاتە ژێر فەرماندەیی (ابی الفتح ولد بن العمید)و ئەم سوپایەش هیچی بۆ ناکرێو ناچار دەکرێ پەیمانی ئاشتی لەگەل حەسنەوێ ببەستێو تاکو ساڵی (369ك)/979-980ز) بەردەوام دەبێتو لەم ساڵەیشدا حەسنەوێ لەشاری (سەرماژ – سەرماج) (2) کەیەکێك بووە لەشارەکانی وڵاتی چیا کۆچی دوایی دەکات.

حەسنەویێ کوڕی حوسێنی بەرزیکانی کە ناوچەو وڵاتەکەی بریتی بوو لەشاری (دینەوەر)، ئەم میرە زیرەکە توانی لەسەردەمی (رکن الدولە البویهی)دا قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی فراوان بکات بەخستنە سەری شارەکانی (شارەزور)و (هەمەدان)و (نەهاوەند) (3).

پاش مردنی حەسنەویٚ (بەدر- ناصرالدولە)ی کوڕی دەبێتە جێنشینی بەدر چەند کوڕێکی بووە..... بەڵام ناوی دووانیان پێمان گەیشتووە کە ئەوانیش (هلال)و (ابی عیسی)ن. یەکێك لەمانە زیاتر ڕۆڵی خۆی گێڕابێت لەم دەوڵەتەدا، ئەویش (هلال)ی کوڕی بووە، کەلەسەردەمی باوکیدا بەرەنگاری حاکمی شارەزور (ابن الماضي) دەبێتو گەمارۆی شارەزور دەداتو پاشان دەست بەسەر دارایی ناوچەکەدا دەگرێتو (ابن الماضي)یش دەکوژێ[4]. وادیارە ئەم ڕووداوەیش دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕێك (400ك) لەنێوان باوكو کوڕدا، لەئەنجامیش دا (هلال) سەردەکەوێ و (بەدر)ی باوکیشی بەدیل دێتەگرتن. لەسەر داوای بەدر قەڵایەکی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ عیبادەت و بڕێ پارەو پێداویستیبۆ دابین دەکرێ، بەڵام (بەدر) بەسازاندنی پیلانێك توانی کۆمەڵێك لەیارانی " (أبا الفتح بن عناز- عیار) دامەزرێنەری دەوڵەتی کوردی عەنازی – عەیاریو سەرۆکی هۆزی (شازەنجان)و (أبا عیسی شازلی بن محمد) ڕووبەڕووی (هلال)ی کوڕی بکاتەوە، هەروەها لەولاشەوە خۆشی هانا بەرێتەبەر (بهاء الدولە البویهی)و ئەمانیش یارمەتی بۆ دەنێرن بەسوپایەکەوە لەژێر فەرماندەی (فخر الملك ابی الغالب- یەکێك بووە لەوەزیرەکانی بهاء الدولە)و لەپاش شەڕێکی سەخت، سوپای (فخر الملك)و (بەدر)[5] سەرکەوتن بەدەست دەهێننو شارەزور دەکەوێتەچنگی (بەدر). کەچی بەدر هەڵدەستێ. شارەزور دەداتە دەستی (عمید الجیوش- ابو علی بن جعفر وەزیری بهاء الدولە)، ئەمانیش ئیتر خۆیان حوکمی شارەزور دەکەنو حاکمی بۆ دابین دەکەن. کاتێ (سلطان الدولە) لەعیراق دێتە سەرتەخت، شارەزور لەژێر دەسەڵاتی (عمید الجیوش) دەردەچێو پاشان دێتەوە بۆ باوەشی (طاهر بن هلال).[6] لەساڵی 405ك بەدری کوڕی حەسنەوێ دێتە کوشتنو هیلالی کوڕیشی بەرەڵا دەکرێ بەوەی لەم ساڵەدا (بەدری کوڕی حەسنەوێ) فەرمانڕەوای وڵاتی چیا ڕوی کردە (الحسین بن مسعود الکردی) بۆ ئەوەی وڵاتەکەی لێ بسینێتەوەو داگیری بکات، لە (قەڵای کۆسجەد- گوشحەد) کەوا بزانم ناوەکەی (سەرگەت)ە- گەمارۆی داو بەڵام بەهۆی بارودۆخی وەرزو هێرشی دەمی سەرماو سۆڵەو بارانی زستان، سوپاکەی لێی بێزاربوون تایفەیەکیان بەناوی (جورقان – جوزقان) کەمینورسکی بە (گۆرانیان) دەزانێ، بڕیاری کوشتنیان داو هاتنە پێشو کوشتیانو سوپاکەیان تاڵان کردو پاشان هەڵاتن بۆ لای (شمس الدولە ابی تاهیر بن فخر الدولە بن بویە) چوونە ژێر ڕکێفیەوە[7]. کاتێك بەدر کوژرا هیلالی کوڕی لای پادشا (سلطان الدولە) دەست بەسەر بوو، سلطان الدولە هەستا بەئازاد کردنیو سوپایەکی بۆ ئامادە کردو ناردیە سەر (شمس الدولە) بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی دەستی بەسەردا گرتبوو. هەردوو سوپا بەشەڕ هاتنو یارانی هیلال هەڵاتنو ئەمیش بەدیل گیراو پاشان کوژرا. ئەم شوێنو شارانەی (سابور خواستو دینەوەرو بروجەردو نەهاوەندو ئەسەد ئابادو بەشێك لەئەهوازو چەندها قەڵاو ولایەت بریتی بوون لەمەملەکەتی بەدر)[8]. هەر لەم دەمەدا تاهری کوڕی هلال کوڕی بەدر لەباپیری هەڵاتبوو لەناوچەکانی شارەزوور دا بوو ، کاتی هەواڵی کوژرانی باپیری پێدەگات، دەست ئەکاتە داوا کردنی موڵکەکانیو بۆیە شەڕێك لەنیوان خۆیو (شمس الدولە) ڕوودەداتو تاهیر بەدیل دەگیر درێو دەخرێتە زیندانەوە. شمس الدولە بەڵێنی لێوەردەگرێ کەجارێکی تر لێی هەڵنەگەڕێتەوە، کاتێکیش بەرەڵای دەکات بەیارمەتی هەندێ

هۆزوتیرە توانی دژی (ابو الشوك العیاری) بجەنگێ‌و بیشكێنێ‌و راوی بنێ‌و (سعد)ی برای ابی الشوك بكوژێ. كاتێك ابو الشوك گەڕایەوە بۆ (حەلوان)، (ابو الحسن بن مزید الاسدی- یەكێك بوو لەسەرۆكەكانی حیللە) بەڵێنی پاڵپشت‌و یارمەتی پێ دەدات، بەڵام ابو الشوك جارێ ئەو هێزەی پەیدا نەكردبوو شەڕی لەگەڵدا بكات، چونكە سوپاكەی (تاهیر) لەنەهرەوان دا بوو، لەگەڵ ابو الشوك ئاشت بوەوەو خوشكەكەی خواست‌و بەمەش لێی دڵنیا بوەوە. بەڵام ابو الشوك هەلێكی بۆ رەخساو هێرشی كردە سەرو تۆڵەی (سعد)ی برای لێسەندەوە. لەم رۆژەوە دەوڵەتی حەسنەوێ بەرەو كزی‌و نەمان چوو، (بنەماڵەی عەناز- عەبار) شوێنی ئەوانیان گرتەوە [9] ئەگەر چاوێ بگێڕین بەو ناوچانەی ئەم دوو دەوڵەتەی حەسنەوێ‌و عەیاری تێدا پەیدا بوون، بێ سێ‌و دوو بۆمان دەردەكەوێ كەناوچەكانی كرماشان‌و سەهەنەو حەلوان‌و مەندەلی‌و شارەزور، نەوسود، زەڵم، هاوار، داقوق خەڵكە رەسەنەكەی لەئەهلی هەقی یارسانە كاكەییەكان بوون، مینۆرسكی لەهەموو نووسینەكانیدا وردە كارییەكی جوانی پێشكەش كردوەو لێكۆلینەوەكەی لەبنەچەكی گۆرانە حەسنەوێیەكان گەیاندویەتییە ئەنجامێكی زۆر ورد كە (گۆرانە كوردەكانی ئەهلی هەقی كاكەیی) پاڵێشتی سەرەكی دروست بوونی ئەم دوو دەوڵەتە كوردەن رۆڵێكی سەرەكییان لەناو سوپا دەگێڕا بەتایبەتی لەسەردەمی بەدری كوڕی حەسنەوێ‌و هەر ئەوانیش بوون بەدریان كوشت. جگە لەوەش ئەم دەوڵەتە كوردییانە لەناوچە گۆرانە ئەهلی هەقەكاندا پەیدابوون تا ئێستاش شوێن‌و مەڵبەندیانە، مینۆرسكی ئاماژە بۆ ئەم باسە دەكات‌و ئەڵێ: ((من بۆ ماوەی ساڵانێ زور هۆگری گۆران‌و ئایینەكەیان بووم، لەساڵی 1914دا دەرفەتم بۆ رەخسا چاوم بەزیدی رازاوەو پەرەستگەی گۆرانەكان بكەوێ كە لەناوەڕاستی دارستانی سەوزو چۆمی بەقەڵبەزو تاوێرە بەردی زل لەناو گەلییە دورە دەستەكانی زاگرۆسدا شاراونەتەوە، ... تۆپۆنێمی ناوچەی كرماشان جیپێیەكی زۆری ناوی ئەم هۆزە نیشان دەدات كەوا دەردەكەوێ پاڵپشتی زنجیرەی هەرە گرنگی حاكمانی ناوچەیی واتە (حەسەنوەی) لە سەدەی دەهەم‌و یازەدهەمدا بێت))[10]

مامۆستا رۆژبەیانی‌و د. كەمال مەزهەرو مامۆستا شوكور مستەفا هەمان راوبۆچونیان هەیە، هەر چەند رۆژبەیانی لەلاپەرە (91) كتێبی مێژووی دوو دەوڵەتی حەسەنەوەیهی‌و عەیاری رای خۆی دەربڕیوە بەوەی بەدری كوڕی حەسنەوێی لەسەر رێورچەی شیعە داناوە، گوایە نە سوننی بووە، نە كاكەیی ئەم رایەش بەهۆی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە كاكایی مردویان نانێرن بۆ كوفەو نەجەف كەچی مامۆستا خۆیشی باش دەیزانی كە كاكەیی عەلییان لاپیرۆزە، با مردوشیان نەبەن بۆ نەجەف قەیدی چیە گەورە پیاوێكی وەكو بەدریان سەر بسوێ بەخاكی عەلییدا. لەلاپەرە (270) مێژووی حەسنەوێ‌و عەیاری دەنووسێ كاكەییەكان بەهۆی ئەوەوە ئەم شارەی حەلەوان‌و ناوچەیان هەمیشە بەبنكەو ناوچەی خۆیان داناوەو ئەدەبیاتی خۆیان لەخەڵكی تری شاردۆتەوە كەمتر شوێنەواری زانیاری‌و ئەدەبی ئەوان بەرچاو كەوتووە. لەلاپەرە (181)یشدا نووسیویە ساڵی 327ك/938ز (رائقی سپا سالاری عەباسی) داوای یارمەتی لەنەصیریەكانی حەلەوان كرد (مەبەستی گۆرانە كاكەییەكانە- رۆژبەیانی) دژی تەرجومانی هەواڵی بوجگوم. لەساڵی 381 ك دەوڵەتی عەیاری دروست بوو، (هەرچەندە پێشتر خاوەن دەسەلات بوونە، بۆ

یەکەم جار لەمێـژووی سـاڵی 339ك/ 957 ز نـاوی (ابـو الـشوك) دەکەوێتـە پـێش چـاو) [11]، پـاش ئـەوەی عەیارییەکان دەستیان گرت بەسەر زۆربەی ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی حەسنەوییەکاندا بـوو، پەیدا بوونی دەوڵەتی عەیاری بەهۆی فەرمانڕەوا (ابو الفتح محمد بن عناز – عیار) پێشەوای بنەماڵـەکانی کـوردی شـازەنجانی لەناوچـەکانی (حـەلوان، داقـوق، قرمیـسین – کرماشـان) ئـەم پیـاوە سـێ کـوڕی هـەبوو بەناوەکانی (ابو الشوك-حسام الدوله)و (ابو الماجد المهلهل)و- (سورخاب) ابـو الفـتح عـەیاری باوکیـان لەسـاڵی (400ك) کۆچـی دوایـی دەکـاتو پـاش خـۆی. کوڕەکـەی (ابـو الـشوك – حـسام الدولـه بـن محمـد بـن عنـاز الشاذنجانی الکردی) دەبێتە فەرمانڕەوا کە سەر بەبوەیهییەکان بوو، بەپێچەوانەی بەدری کوڕی حەسنەوێ کە دژیـان بـوو، ئـەوەی لەمێـژوودا پێمـان گەیـشتبێ بنەماڵـەی عـەیاری سـێ برابـوونو ناوچـەی دەسـەڵاتی حەسنەوێیان لـەنیوان خۆیانـدا دابـەش کردبـووە سـێ ناوچـە: (دینـەوەر، حـەلوان، بەنـدەنیجین- مەنـدەلی) لەژێر دەستی حسام الدوله ابی الشوك دابوو، بەڵام ناوچـەی (داقـوق، خانـەقین) لـەژێر دەسـتی (ابـی الماجـد المهلـهل)دا بـوو ناوچـەی (شـارەزور، خانیجـار، دوزخورمـاتو) لـەژێر دەسـتی (سـورخاب)[12] دا بـوو لەسـاڵی (387ك/ 1007 ز) مێژوو نووس (ابن الأثیر) نووسیویە: جبرائیلی کوڕی محەممەد فەرمانڕەوای (داقوق – داقوقا) بووە، کەیەکێك بووە لەگەریدە ئازاکانی فـارسو لەخزمـەتی (مهذب الدولـە- ابـو الحسن بـن نـصر، شەشەم فەرمانڕەوای شـاهانی کـوردان بـوو لەسـەر (بـەتایح = هـەوراوەکان) لەسـاڵانی 376ك /995ز تـاکو 408ك/1031ز)، خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە بەرەو (داقـوق) ملـی نـا، ڕوانـی (مقلـد بـن المـسیب) گـەمارۆی داوە، خەڵکەکـەی داقـوق هانایـان بـردە لای جبرائیـلو ئـەویش چـوو بەدەنگیانـەوە، ڕزگـاری کـردن، پاشـان خەڵکی داقوق داوای لابردنی دوو کەسی کاربەدەستی گاوریان لـە (مهذب) کـردو ئـەمیش بـەگوێیانی کـرد، بووە خاوەن داقوق بۆ ماوەیەك، پاشان داقوق کەوتە دەست (مقلد) دوایش کەوتە چـنگی (محەمـەدی کـوڕی عەیار- ابو الفتح محمد بن عناز) دامەزرێنەری دەوڵەتی کوردی عەنازی – عەیاری) پاش ئەوە (قـەرواش – بن المقلد العقیلی) بووەتە خـاوەنیو دوایـش ئەکەوێتـە دەسـتی (فخـر الدولـه غالـب)و لـەم کاتـەدا جبرائیـل هاتەوە داقوقو لەگەل فەرمانڕەوایەکی کوردان کۆبوەوە ئـەویش (موصـل بـن چکویه- عزالـدین موسـك بـن چکو الامیر الکردی)و کاربەدەستانی (فخرالدوله)ی لێدەرپەڕاندو دەستی بەسەردا گرت. بەڵام ئـەم جارەیـان (بدران بن المقلد) لەدەستیانی دەرهێنا [13]

ساڵی (401ك/1010ز) ابو الفتح محمد کوڕی عناز – عیـار، مـرد بـەم هۆیـەوە ابـن الاثیر نوسـیویە: ((ابو الفتح محمد کوڕی عناز لەحەلوان مـرد پـاش ئـەوەی کـە 20 سـاڵی ڕەبـەق فـەرمانڕەوایی کـردو پـاش خۆی ابو الشوکی کوڕی جێگرتەوە)). [14]

لەساڵی (420 ك/ 1029ز) بەدواوە (جاوان)ییەکان، ناوبانگیان پەیـدا کـردو لەدەڤـەرەکانی (شـارەبان، دەسکەرە، بەلەدروز، مەندەلی، جرجرایا- لەزەوییەکانی کوتی ئێستا – چوار دەوری شاری بەغدا. [15]

هەرلەم سـاڵەدا 420 ك کاتێـك شـەپۆلی تـورك بەسـەرۆکایەتی سـەلجوقییەکان دەسـتی بەسـەر ئێرانـدا گرت، کوردو عەرەب بۆ بەرەنگاری بونەوەیان کۆبونـەوە، عەرەبـەکان بەسـەرۆکایەتی (قـرواش کـوڕی مقلـد

العقيلی فەرمانڕەوای موسڵو لەخوارەوەش بەسەرۆكایەتی (دبیس بن مزید الاسدی امیر العرب فی الفرات الاوسط)و كوردەكانیش بەسەرۆكایەتی فەرمانڕەوا (ابی الفتح بن ورام الجاوانی)و (حسام الدوله ابی الشوك بن محمد بن عیار الكردی الشاذنجانی) دەست بەكار بوونو جەنگەكەش لەباكوری موسڵدا رویداو، توركانو سەلجوقییەكانیان شكاندوو دەستیان بەسەر خەیمەو خەرگاو ماڵیاندا گرت)) (16) پاش ئەم روداوە (داقوق) دەكەوێتە دەستی كوردەكانی عەیارییەوە كە یەكێك بوو لەشارەكانی ژێر دەستی حسام الدین كوڕی محمدی فەرمانڕەوای دەوڵەتی عەیاریو بۆ ماوەیەك (بدران بن المقلد) لەدەستی دەرهێنا، ابن الاثیر بۆمان دەگێڕێتەوە (لەساڵی 421ك/1030ز)، ابو الشوك گەمارۆی (داقوق)ی دا، كە مالكی كوڕی بەدرانی كوڕی موقەلەدی عەقیلی تێدا بوو، گەمارۆكەی درێژەی كێشا، راسپێردراوێكی بۆ لای مالك نارد بۆ ئەوەی پێی راگەیێنێ كەوا ئەم شارە- داقوق – موڵكی باوكییە، هەر دەبێ بۆ ئەبو الشوك بێت، باشتر وایە بەجێی بهێڵێ، بەڵام مالك بەگویی نەكرد بۆیە بەتوندی گەمارۆی داو توانی داگیری بكاتو بێتەوە خاوەنی، مالكیش دەكەوێتە دەخاڵەتو پاراستنی سەروماڵیو هاوڕێیانی، ئەمیش دڵنیای دەكات، كاتێ مالك دێتە دەرێ، ئەبو شەوك هەندێ سەرزەنشتی دەكات (17).

لەساڵی (432ك/1040-1041ز) داقوق لەژێر دەسەڵاتی (ابی الماجد)ی برای (ابو الشوك)دا بووە، بەڵام (ابو الشوك)ی برای لەچنگی دەرهێناوە.

ابن الاثیر ئەڵێ: ((داقوق هی (ابی الماجد المهلهل بن محمد بن عناز – عیار) بوو، بەڵام (ابو الشوك حسام الدین)ی برای، (سعدی) كوڕی نارده سەرو گەمارۆی دا، پاشان (ابو الشوك حسام الدین) خۆیشی گەمارۆی داو شورەكانی كون كردو بەشەڕچووە ژووریو سوپاكەی هەندێ تالانییان كردو چەكو پێداویستەكانی كوردانیان برد، بەڵام حسام الدوله یەك شەو لە (داقوق) مایەوە دەسبەجێ گەڕایەوە چونكە مەترسی هەبوو لەسەر شارەكانی (بەندەنیجین – مەندەلی) و (حەلوان) بەهۆی ئەوەی سورخابی برای هێرش كردبووە سەر چەند شوێنێك لەئیمارەتەكەی سورخاب توانی هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ (ابا الفتح بن ورام الجاوانی) ببەستێتو بەم هێرشانە دەست پێبكات (18). وا دیارە (جاوانی)یەكان هاوپەیمانی خۆیان هەر جارەی بەشێوەیەك دەردەخست لەبەر ئەوەی جارێكیان هاوپەیمانی كوردانی بەرزیكانی بوون وەك بەدری كوڕی حەسنەویی بەرزیكانیو پاشان بوونە هاوپەیمانی كوردانی شازەنجانی وەك (ابو الشوك حسام الدین)و (سورخاب)ی برای، بۆ ئەم مەبەستەش (سعدی بن ابی الشوك) شاری (مەندەلی) بۆ (ابی الفتح بن ورام الجاوانی) دابڕی. لەساڵی (434ك/1043ز)دا، (ابو الشوك – كوڕی محەمەد عەنازی شازەنجانی كورد)، روو لەشارەزور دەنێو ئابلۆقەی دەداو دەست ئەكاتە تالانو تێكدانیو سوتاندنی گوندەكانی، پاشان قەڵای (تیرانشاه) گەمارۆ دەداتو (ابو القاسم بن عیاض) پێشی لێدەگرێو بەڵێنی دەداتێ كە (ابو الفتح)ی كوڕی لەدەست (مهلهل – ابو الماجد)ی برای بۆ رزگار بكاتو نێوانیشیان خۆشكاتەوە، (مهلهل)یش كاتێ بیستی كەوا (ابو الشوك)ی برای نیازی هاتنی شارەزوری هەیە، شارەكە بەجێ دەهێڵێو روو دەكاتە (سندە – سنە)و شارەكانی تری سەر بە (ابی الشوك) و دەست ئەكاتە تالانو سوتاندنی، پاشان ئەبو الشوك نامەیەك

بۆ (ابو القاسم عیاض) دەنێرێو تێیدا بەیادی دەخاتەوە کەوا کاتی خۆی بەڵێنی پێدابوو کە کوڕەکەی بۆ رزگار بکاتو بەو مەرجانەی لەسەر پێکهاتبوون. ئەمیش لەوەڵامدا دەڵێت (مهلهل) پێکنایەت، بۆیە (ابو الشوك) لە (حەلوان) وە دەچێتە (صامغان)و تاڵانی دەکا لەگەل شارو ناوچەکانی تری سەر بە (مهلهل) [19].

لەساڵی (437ك-1045ز) لەئەنجامی مشتومڕی نێوان (علاء الدولە کاکویە)و (ابی الشوك)ی برای سورخاب، (سورخاب) توانی سود لەم هەڵە وەربگرێتو (داقوق) لەبراکەی داگیر بکات [20] هەر لەم ساڵەش دا بووە (437ك) کە سوڵتان توغرول بەگ فەرمان دەداتە (ابراهیم یەنال)ی برای بۆ داگیرکردنی (ولاتی چیا)، ئەمیش لە (کرمان)وە بەرەو (هەمەدان) مل دەنێتو ئەو کاتە (کرشاسف بن علاء الدولە)ی بەسەردا رادەگەیشتو لەترسا بەجێی هێشتو (ینال) دەستی بەسەردا گرتو کرشاسف هەڵاتو خۆی گەیاندە کوردانی جوزقانو، لەو دەمەشدا (ابو الشوك- الکردی الشاذنجانی) لە (دینەوەر) بوو، لەترسی یەنال خۆی گەیاندە (کرماشان)و یەنالیش مرخی خۆی لەوڵاتەکەی خۆش کردبوو، سەرەتا دینەوەری داگیرکردو پاشان روی لەکرماشان ناو، ابو الشوك ئەوێشی بەجێ هێشتو چووە حەلوانو ئەوانەشی بەجێ هێشت کە لەسوپاکەیدا بوون لەدەیلەمو کوردانی شازەنجان....

یەنال توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێ لەمانگی رەجەبو خەڵکێکی زۆری لەسوپا کوشتو ماڵو چەكو هەموو ئەوانەی برد کە خۆیان دابەدەستەوە پاشان قاوی دانو ئەوانیش کەوتنە شوێن (ابو الشوك)و شارەکەیش بەتاڵان چوو... ابو الشوك کەبەم کارەساتەی زانی، کەسو کاریو ماڵو حاڵیو چەکی گواستەوە لەحەلوانەوە بۆ قەڵای سیروان ... بەڵام ئیبراهیم یەنال لەدوا رۆژانی شەعبان پێی گەیشتو خەڵکەکەی لەقەڵاکە دەرکردو بڵاوەیانی پێکرد بەوڵاتداو پاشان دەستی کرد بەتاڵانو سوتاندنی ماڵەکەی (ابی الشوك)یش. [21] شایانی باسە هەر لەم ساڵەدا (ابو الشوك) لەقەڵای سیروان کۆچی دەکاتو پاش خۆی کوڕەکانی ستەم بە (سعدی) کوڕی دەکەن (کە لەمەندەلی بوو پاشان بەجێی هێشتو گەیشتە باوکی کاتێ سورخابی مامی ملی بۆناو لەمانگی شەعبانی ئەم ساڵەدا) سەرەتا چوو لەگەل (مهلهل)ی مامیداو پاشان لەویش جیابووەوە خۆی گەیاندە لای (ابراهیم ینال) [22]. بەوەی لەم ساڵەدا (438ك/1046ز) (سعدی بن ابی الشوك)، (مهلهل)ی مامی جێهێشتو خۆی گەیاندە لای (ابراهیم ینال) و هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی دایکی لەلایەن مامیەوەو پشت گوێ خستنیو کەمتەرخەمی بەرامبەر (کوردانی شازەنجان) نواندنی، بۆ ئەم مەبەستە ئیبراهیم یەنال پشتگیریی دەکاو بەڵێنێ پێدا وڵاتەکەی ژێر دەستی باوکی بۆ وەرگرێتەوەو سوپایەکی لەتورکە غوزەکان خستەتەك بەرەو حەلوانو دەستی بەسەدا گرتو بەڵام مامی توانی دەست بەسەر حەلواندا بگرێتەوە [23].

لەساڵی (439ك-1047-1048) کوردە لوڕەکانو گرۆیەك لەسوپاکەی سورخاب لە (سورخابی برای ابی الشوك) هەڵدەگەڕێنەوەو دەستگیری دەکەن، لەبەر ئەوەی بەخراپی رەفتاری لەگەل دەکردن.... بۆیە گرتیانو بردیان بۆ لای (ابراهیم ینال) و ئەمیش هەستا چاوێکی دەرهێناوو داوای لێکرد (سعدی) کوڕی (ابو الشوك) بەرەڵا بکات، کەچی ئەم ئەوەی نەکردو بۆیە (ابو العسکر) کوڕی سورخاب زۆری پێ ناخۆش

بوو کاتێ (سعدی)یان گرت، خۆی چوو بۆ قەڵاکەو (سعدی) ئامۆزای دەرهێناو کۆتو زنجیرەکەی کردەوە، چاکەی بەرامبەر نواند.

سەعدی کەوتە رێی کوردێکی زۆری لی کۆبووەوە، ئەمجار چووە لای (ابراهیم ینال) بەڵام ئەوەی کەمەبەستی (سعدی) بوو لەم چوونە لای ئیبراهیم دەستی نەکەوتو بۆیە بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ (دەسکرە – ناوچەی دیالە)و دەستی کردە نامە نووسین بۆ خەلیفەو جێگرانی (الملك ابی کالیجار)ی بوەیهی بۆپێشاندانی ملکەچیو گەڕانەوەی بۆ ژێر فرمانی [24]. هەر لەم ساڵەدا (439ك/1047- 1048ز)، خاوەنی (قەڵای سەرماج- سەرماژ) کەیەکێك بووە لەکوڕانی (بەدری کوڕی حەسنەوێ) کۆچی دوایی دەکاتو پاش ئەم قەڵای سەرماج دەدرێتە دەستی (ابراهیم ینال) و ئەمیش (احمد بن طاهر)ی وەزیری دەنێرێتە (شارەزور) و دەستی بەسەردا دەگرێتو (ابو الماجد الهلهل)ی کوڕی ئەبو فەتح عەنازیش هەڵدێتو بەجێی دێڵێو (احمد بن طاهر) دەچێتە سەر قەڵای (تیرانشاە)و گەمارۆی دەدات، ئەمجار (مهلهل)دەست ئەکاتە نامە ناردن بۆ خەڵکی شارەزور بەڵێنیان دەداتی کە بەخەڵکێکی زۆرەو بۆ لایان دێتو داواشیان لێدەکات کە روبەڕووی بێگانەکانی (الغز)ی تورك رەچەڵەك ببنەوە. خەڵکی شارەزوریش بەگوێی دەکەنو دەکەونە گیانی ئەوغوزە بیانیانەو گەلێکیان لێدەکوژن، کاتێ (احمد بن طاهر) ئەم هەواڵە دەبیسێ. دەگەڕێتەوە بۆ سەر شارەزورییەکانو خەڵکێکی زۆریان لێدەکوژێتو تالانیان دەکات [25].

لەساڵی (443ك /1051ز) جڵەوی ناوچەی (شارەزور) و (داقوق) دەکەوێتە دەستی (ابی الماجد المهلهل)ی کوڕی محەمەد عەیاریەوە، بەوەی لەم ساڵەدا (مهلهل) دەچێتە لای ( سلطان طوغرول بك)ی سەلجوقیو رێزی لێدەنێتو دەسەڵاتیشی لەسەر ئەم ناوچانەی ژێر دەستی دەچەسپێنێت لەوانە (داقوق، سیروان، شارەزور، صامغان)و سورخابی کوڕی محەمەدی عەیاری برایشی ئازاد دەکاتو (قەڵای ماهەگی) بۆ دابین دەکاو ناوچەی (الراوندین)یش دەبەخشێ بە (سعد بن ابی الشوك) [26].

لەساڵی (495ك/1101ز)، داقوق ئەکەوێتە ژێر دەستی (ابی الفوارس سورخاب بن بدر)، بەقسەی (ابن الأثیر) کە دەبێژێ : ((لەم ساڵەدا واتە 495 قەڵای خەفتیگان گەڕاوەتەوە بۆ فەرمانڕەوا سورخابی کوڕی بەدر کوڕی موهلهیل.، کە پێشتر لەلایەن (قەرابلی)یەوە لێی داگیر کرابوو، ئەم تورکمانە کۆچەرانە بەهۆی لەوەڕەو هاتبوونە سنوری ناوچەکانی سورخابو توانییان دەست بەسەر هەموو وڵاتی سورخابدا بگرن تەنها (داقوقو شارەزور نەبێت)) [27]. مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی ئەڵێ قەڵای خەفتیان مەبەست لە (دەربەندیخان)ی ئێستایە.

ساڵی (563ك/1167ز)، (زین الدین علی کوچك بن بکتکین)، نیمچە دەوڵەتێکی دامەزراندو (هەولێر)ی کردە پایتەختی، بەناوبانگترین فەرمانڕەوای ئەم نیمچە دەوڵەتە لەبنەماڵەی بەکتەکینی کورد (مظفرالدین کوکبوری زاوای صلاح الدین ئەیوبی بوو)، هەولێر ناوبانگەی پەیداکردو توانی قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی فراوان بکاتو کە لەبراکەیەوە بۆی بەجێ مابوو لە (586ك) توانی دەست بەسەر ئیمارەتەکانی هاوسێیدا بگرێتو هەروەها ئیقلیمی (شارەزور)و لەگەل (کەرکوك) بخاتە ژێر رکێفیەوە، بێگومان

(داقوق)یش بەشێك بوو لەدەوڵەتەکەیو سەرچاوەکانیش وا رادەگەیێنن کە دانیشتوانی ئیماراتی ئەتابەكو سوپای (مظفر الدين كوكبوری) سەر لەبەریان کورد بوون [28].

لەساڵی (617ك/1220ز) کاتێ شاری (داقوق) کەوتە بەر شاڵاوی تەتەر، ابن الأثیری مێژونووس ئەڵێ: ((نوسراوو پەیامبەرانی خەلیفە گەیشتنە موسڵو (مظفر الدين)ی فەرمانڕەوای (هەولێر – اربل) فەرمانیان دەداتێ بەخۆیانو سوپاکانیانەوە لەشاری داقوق کۆببنەوە بۆ بەرهەڵستی کردنی تەتەر)) شایانی باسە مظفر الدين حاکمی هەولێر توانی هەموو ئەو ئیقلیمو ئیماراتانەی نزیکی بخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە وەکو (ئیقلیم موسڵو سنجارو حەڕانو هەکاریو تکریتو ناوچەی (داقوق- دەقوقا) [29].

لەساڵی (622ك/1225ز) دیسان تەتەر هێرش دەکاتە سەر (داقوق)، دیارە ئەمەش یەکەم هێرشیان نیەیە، ابن الأثير دەڵێت : (لەم ساڵە دا 622ك تەتەرەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئازەربایجانو بەرەو باشوور دەکشێنو (مظفر الدين)یش، پێشی لێنەگرتنو گەیشتنە شاری (کەرخین- کەرکوك)و شاری دەقوقا)) [30].

لەساڵی (628ك/ 1230-1231ز) هێرشەکانی تەتەر هەر بەردەوام بووە بۆ سەر کوردستانو، لەم ساڵەدا تایفەیەك لەتەتەر لەئازەربایجانەوە بەرەو ناوچەکانی هەولێر هاتنو دەستیان کرد بەکوشتنی ئەوانەی لەسەر ڕێگایان بوون لە (تورکمان)ی ئەیوائیو (کوردان)ی (جوزقان)ی تاکو چوونە ناو شاری هەولێرەوە، گوندەکانیان تاڵان کردو هەر کەسێکیان دەست بکەوتایە دەیانکوشتن لەخەڵکانی دەووووبەری هەولێرو کارێکی نەکردەنیەیان کردو، مظفر الدين خاوەنی هەولێر بۆیان داپەڕی بەیارمەتی سوپای شاری موسڵ، بەڵام تەتەرەکان لەترسا کشانەوە بۆ ئازەربایجانو ئیتر ئەمیش دوایان نەکەوتو لەوڵاتی خۆیدا مایەوەو گەیشتە (کەرخینی)و (داقوق) [31].

لەساڵی (630ك/ 1232ز) لەرۆژگاری خەلافەتی (المستنصر بالله العباسی)، داقوق درا بەفەرمانڕەوا (حسام الدين الكردی الجاوانی)، ئەوانەی لەگەڵ ئەسەدییەکانی عەرەبی شاری (حیللە)یان دروست کرد [32] من پێم وایە بوونی (مەئموون بەگی کوڕی بێگە بەگ) بەدەست بەسەری لەشاری حیللە هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردێکی زۆر لەم شارەدا هەبووە بەتایبەتی گەڕەکی بەناوبانگی (حي الأكراد) بۆیە وەك بارمتە لەو شارەدا دانرابوو، کەماوەیەکیش حاکمی حیللە بووە.

لەساڵی (633/1235ز) هێزەکانی مەغۆل دایانە سەر هەولێرو موسڵو پاشان لەساڵی (634ك) بەرەو بەغداد ملیان ناو گەیشتنە (سر من رأی) و (زەنگ ئاباد) و پیاوانی ئایینی بەم مەبەستەوە فتوای جیهادیان داو پیشتگیرییان لەخەلیفەکرد، موسڵمانان بەفەرماندەی (مجاهد الدين دويدار) و (شرف الدين اقبال الشرابی) کەوتنە ڕێ بۆ جەنگی دژ بەمەغۆلو هێزەکان لەنزیکی (تکریت) لەنیوان دیجلەو چیاکانی حەمرین یەکانگیر بوونو توانییان یانزە هەزار کەسی بەدیل گیراوی شارەکانی (هەولێر)و (داقوق) لەدەستی مەغۆلەکان رزگار بکەن [33] ئەم هێرشانەی یەك لەدوای یەکی مەغۆل بۆ سەر ناوچەکە زیانێکی زۆری خستەوە، لەساڵی (647ك/1249ز) لەسەردەمی خەلافەتی (المستعصم بالله) جارێکی تریش (داقوق) دەکەوێتە ژێر پەلامارو تاڵانو بڕۆ پەرتەوازە بوونی دانیشوانی بەڵام لەساڵی (648ك/1250ز)

سەرکردەی کورد (صلاح الدين يوسف ناصر الايوبى)[34] هەستا بەهەڵمەتێ بۆ پوچەڵ کردنەوەی خوتبەو دراوی لێدراوی بەناوی (سلطان لؤلؤ) کە (داقوق)ی لەژێر دەسەڵاتدا بوو، گۆڕی بۆ ناوی بنەماڵەی ئەیوبیان بۆ (نجم الدين ايوب بن الملك الكامل) [35].

لەساڵی (655ك/ 1257ز) مانگی شەوال، هۆلاکۆ وڵاتی ئێرانی راماڵی بوو، لەدەورووبەری هەمەدانەوە کەوتەڕێ بەرەوە بەغدا، سوپاکەی تەیار کردو هەندێکی بەفەرماندەوە بەلای راستا بەرەو هەولێر بەرێگە چیاییەکانی (شارەزور- داقوق) دا خستەرێ [36].

لەدوای کەوتنی خەلافەتی عەباسی بەدەستی هۆلاکۆو، ملکەچ کردنی ئێرانو جزیرەو کوردستانو عیراقی عەرەبی بۆ داگیرکەرانی مەغۆلیو پاش هەرەس هێنانی دەسەڵاتی داگیرکەرانی مەغۆلە تەتەرەکان لەکوردستان بەلەناوچونیان لەساڵی (739ك/1335ز)، داقوقو دەوروبەری کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئیمارەتی ئەردەڵانی گۆرانە کوردەکان کە (بابا- باوە ئەردەڵان)ی سەرەك هۆزیان بەدامەزرێنەری ئەم ئیمارەتە دەژمێردرێو لەپاش خۆی چەند پشتێك لەنەوەکانی فەرمانڕوایی تێدا دەکەن. لەشەرفنامە بەدرێژی باسی نەوەکانی بابائەردەڵان کراوە تاکو سەردەمی شەرەفخان خۆی واتا تا ساڵی (1005ك/ 1597ز) سەبارەت بەرەگەو رەچەڵەکی (بێگەبەگ) لەنووسراوێکی (مەئمون بەگ)ی کوڕیدا هاتووە دەڵێ: ((رشتەی بەندە (بێگە بەگ) دەگەڕێتەوە بۆ (ابی عبیدە الجراح) و (أمیر المؤمنین العباس) و یەکێك لەباپیرانی بەناوی (عادل – عادلان)یەوە لەسەرەتای رۆژانی کوشتارەکانی (جەنگیزییەکان) لەسەر (شارەزور) والی بووە [37]. کە چی شەرەفنامە دەڵێ: ((بابا ئەردەڵان ناوە بۆ پیاوێك کەچەند سەردەمو تاوێك لەناو هۆزەکانی گۆراندا ژیانی رابواردوە، لەبەرەو دوای جەنگیزیەکاندا دەستی بەسەر شارەزوردا گرتووەو ئەمیرایەتی لێ دامەزراندوە، ئەوسا ناوی بابا ئەردەڵانی گۆڕیوەو کردوویە بەقوبادی کوڕی فەیروزی ساسانی)) [38]!

بەڵام مامۆستای خوالێخوشبو رۆژبەیانی لەم بارەیەوە دەڵێ: ((لەدوای وەرگێڕانی شەرەفنامەو وردبونەوەو قوڵبونەوەم لەم ناوچانەی ئەم دەوڵەتی ئەردەڵانەی تێدا پەیدا بوو، گەیشتمە بیروباوەڕێك کە هیچ کام لەمێژوونوسانی بیریان بۆ نەچووە کەوا بابا ئەردەڵان یەکێك بووە لەپیرەکانی (گۆران)ی کاکەییەکانو (بابا) واتای وشەی (پیر- شێخ)ی رێباز دەگەیێنێو وشەی ئەردەڵانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە (هەردەڵان- شاخەکان، تەپۆلکاییەکان) دێتو ئەو ناوچانەی (هاوار، داودان، نەوسود، شێخان، زەڵم) لەکاتی خوێدا دانیشتوانی کاکەیی بوون، شەرەفخانیش ئاماژەیەکی بۆ ئەم باسە کردوە بەوەی وتوویە وادیارە دەسەڵاتی ئەم دوڵەتە کۆتایی پێهات بۆ فەرمانڕەوا (پیر بۆ داق بەبەیی- بابایی) کەواتای نازناوەکەی گۆ کردنی (بابان) دەگەیێنێتو ئەمانەی ناویان دەبەین وەکو (باوە محەمەد، باوە پەلاوی، باوە شاسوار باوە یادگار. ... پیرمەگرون، پیرمەسویر، پیر شالیار لەسەرۆکە ئایینیەکانیکورد بوون)) [39].

ئەگەر سەرنج لەنووسینەکانی (مەئمون بەگی کوڕی بێگە بەگ) بدەین، کە بریتیە لەنووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی وەك سکاڵایەك بۆ (سوڵتان مورادی سێیەم)ی عوسمانی بەهۆی دانشتنیەوە لەسەر

تەختی پادشایی، دەبینین باسی بەسەرهاتوو فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵاتی خۆی‌و باوکی‌و بارودۆخی ناوچەی شارەزور دەکات‌و پێناسەی رشتەی بنەماڵەکەیان بۆ سوڵتان دەردەخات‌و خۆی دەباتەوە سەر بنەماڵەی (عادلانی)، رای کردوە لەو راستییەی کە بزانرێت یەکێکە لەبنەماڵەی بابا ئەردەڵان‌و لەسەرۆکەکانی گۆران نەوەك سوڵتان بزانێ ئەمانە خاوەن بیروباوەڕێکی تایبەتن....) [40] بەڵێ پاش ئەوەی مەئمون بەگی بێگەبەگ کەوتە بەر لوتف‌و مەرحەمەتی سوڵتان سلێمان قانونی، کرایە پارێزگاری لیوای کەرکوك بەمووچەی...، ..3 ئاقچە ساڵانەو پاش وەفاتی باوکی لەساڵی 1550ز میرنشینی شارەزوری پێ بەخشرا.

لەساڵی 1577 ز کوڕێکی هەبووە بەناوی محەمەد ئەویش ماوەیەك پارێزگاری کەرکوك بووە، شایانی وتنە ناوچەکانی (داقوق)و قەرەحەسەن‌و زەنگئابادو شوێنانی تری کەرکوکی لەژێر دەسەڵاتدا بووە [41].

لەکاتی دوبارە هاتنی سەفەوییەکان بۆ ناوچەکانی کەرکوك‌و دەوروبەری، لەسەردەمی شاتە هماسپ یەکەم (1524ز-1576ز) بەشێوەیەکی کاتی هەستان حاکمێکی کەڵهوڕی کوردیان لەسەر (کەرکوك) دانا [42] داقوقیش بەشێك بوو لەکەرکوك. کریستین نیپۆر لەیاداشتەکەیدا ((گەشتی عەرەبستان وولاتە دراوسێیەکانی)) لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە سەبارەت (داقوق) نووسیویەتی: ((وەختی خۆی کەرکوك‌و شاری (تاوغ – دەقوقای کۆن) هەر یەکە ناوچەیەکی سەر بەفەرمانڕەوایی کورد بوو، بەڵام لەم دواییەدا لێی دابڕان‌و سەر پادشایەتی بەغدا خراون.. پاشای پلە دووی تورکان کە لەکەرکوك دادەنیشێ، لەناوەندی شار دانانیشێ، لەوبەر دادەنیشێ، زەوی‌و زاری زۆرکەمە، قەڵاکەی کەبەناوی شارەکەوە ناونراوە، زۆر ئاپۆرە، حامیەیەکی پەنیچەری لێیە...)) [43].

ئەردەڵانیەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوان بوون، خۆی گەیاندە (زێی کۆیە)، هەورامان، شارەزور، قەرەداغ دەشتی گەرمیان‌و (نیوان چیای قەرەداغ‌و ریگای کفری- کەرکوك)یشیان لەژێر دەسەڵاتدا بووە [44] بەتایبەتی کەرکوك‌و چواردەوری‌و هەندێ جار پاشایانی (کەرکوك) عوسمانی، هێزەکانی خۆی لەکەرکوك دەکشانەوە، کاروباری بۆ (خان ئەحمەد خان)ی سەرۆکی ئیمارەتی ئەردەڵان بەجێ دەهێشت [45]. ئەو ململانیەی نیوان صەفەوی‌و عوسمانی هەندێجار دەبووە هەلێك بۆ ئیمارەتی ئەردەڵان کە بێتە خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیان‌و بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات‌و دەوڵەتیان، هەر لەم رێگایەوە هندێ جار لایان بەلای سەفەویدا کردوەتەوەو هەندێ جاریش بەلای عوسمانیدا. لەو بۆ چوونەوە کەوا ئەردەڵانییەکان کاکەیی بوونەو هیچ بەدوریشی نازانم راستیەك بخەمە روو کەگۆڕی (خان أحمد)ی کاکەیی کەشەخصێکی پیرۆزی کاکەییەکانی گەڕەکی چای‌و موسەڵلای کەرکوکە کەئەمرۆ بووەتە (ئیمام ئەحمەد) زیارەتگای کاکەییەکانە هەمان ناوداری ئەردەڵانی (خان ئەحمەد خان) بێت کە خۆی دایە پاڵ عوسمانیەکان‌و دژی سوفەوییەکان جەنگی، لەشاری موسڵ دادەنیشت لەساڵی (1046ك) کۆچی دوایی کردوە لەدایکبووی قەڵای (حەسەن ئاوا)یە. کەشێخ رەزای شاعیر لەشیعرەکانیدا ئاماژە بۆ ناوەکەی دەکات. ئیمارەتی ئەردەڵان توانی سەربەخۆی بپارێزێ لەسەردەمەکانی حوکمی مەغۆلی‌و ئیلخانی – جەلائیری‌و تەیموری‌و قەرەقوینلو، ئاق قۆینلو، بەڵام لەگەل سەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی بەسەر ئاق قۆینلو توانی زەوی شارەکانی ژێر

دەستیان داگیر بکاتو ئیمارەتە کوردییەکانیش بەزۆر یاخود بەخۆیی بوونە سەر بەوانو لەم کاتەدا ئیمارەتی بابان لەئیمارەتی ئەردەڵانەوە جیابووەوە، سەربەخۆیی خۆی راگەیاندو فەرمانڕەوا (پیر بوداق بەبەیی- بابایی) فەرمانڕەوای بابان توانی دەست بەسەر (داقوق)دا بگرت لەچوارچێوەی شارەزورو کەرکوك دا لەگەل ناوچەگەلێك لەلیوای دیالەو هەولێرو بەشێك لەناوچەکانی کوردستانی رۆژهەلاتو، ئەم ئیمارتە وەك نیمچە دەولەتێکی سەربەخۆ بەردەوام بوو تاکو سالی (1267ك/1851ز) تا دەولەتی عوسمانی دەستی بەسەر گرتو کردیە (متصرفیە) (46) (پاش داگیرکردنیکوردستان لەلایەن عوسمانییەوە دەرکردنی سەفەوییەکان تیایدا، عوسمانیەکان سەرەتا هەولی ئەوەیاندا کورد رازی بکەنو دژی شیعەی سەفەوی هانیان بدەنو بەم بۆنەیەوە کوردەکان توانیان ناوچەکانی خۆیان دەست کەوێتەوە وەك هەولێرو کەرکوك بەسەرۆکایەتی (سەید شاە عەلی بەگ)ی فەرمانڕەوای ئیمارەتی سۆران (47) بێگومان داقوقیش لەچوارچێوەی سنجەقی کەرکوکدا بوو. هێزەکانی ئینگلیزیش سالی 1336ك/ 1918ز) چوونە ناو داقوقو کەرکوکەوە. کاتێك حکومەتی عیراق لەسالی 1921 دامەزرا، داقوق وەکو ناحیەیەك مایەوە لەسنوری لیوای کەرکوك. پاشان لەسالی 1927 بووە ناوەندی قەزای (گیل)و دوای قائمقامیەی گوێزرایەوە بۆ (لەیلان)و دوبارە داقوق کرایەوە بەرێوەبەرایەتی ناحیە لە 12 شوباتی (1951) (48) و خرایە سەر قەزای خورماتو، بەلام لەدوای ئەوەی لەسالی 1976 تکریت – صلاح الدین کرا بەپارێزگا، قەزای خورماتو لەلیوای کەرکوك دابڕاو خرایە سەر ئەو پارێزگا نوێیەو (داقوق)یش، خرایە سەر قەزای کەرکوك، دوایی جارێکی تر کرایەوە بەبنکەی قەزا بەجۆرێك سەر بەپارێزگای کەرکوك (التأمیم)ی جاران بێت (49).

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1- محمد جمیل الروژبیانی، دینور ومشاهیرها، مجله المجمع العلمی الکردی، المجلد السادس، 1978، ص ص 565-566.

2- الدکتوره: جلیله ناجی، الاماره الحسنویه فی الدینور والشهرزور، مجله المجمع العلمی الکردی، المجلد الثالث، سنه 1975، ص ص734-727.

3- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو الاماره الحسنویه، ص730؛ هەروەها دینور ومشاهیرها، بەرگی شەشەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ل565؛ هەروەها هاشم عاسی کاکەیی، شارەزور لەروانگەی سێ بابەتی مێژوویدا، رۆشنبیری نوێ، ژ (123)، 1989، ل42.

4- ابن الأثیر، ابو الحسن عزالدین علی الجزری، الکامل فی التأریخ، الطبعة الاولی، اداره الطباعة المنیریه، سنه 1256هـ، مصر، جـ6، ص ص247- 248؛ هەروەها بڕوانە الاماره الحسنویه فی الدینور والشهرزور، د.جلیله، ص 745.

5- بڕوانە الاماره الحسنویه فی الدینور والشهرزور، ص746.

6- الكامل في التأريخ، جـ 6، ص271؛ هەروەها الاماره الحسنويه في الدينور والشهرزور ص ص 746-747.

7-8 زبير بلال اسماعيل، الأكراد في كتاب الكامل في التأريخ لأبن الاثير، القسم الثالث، مجله كاروان، العدد 57، 1987، ص155.

9- جميل روژبەیانی، حلوان وحكامها في التاريخ، ترجمه كمال غمبار، مجله كاروان، العدد 47، 1981، الجزء الثانی، ص134.

10- ڤلاديمير مينۆرسكی، كورد، كۆمەڵەی 6وتار، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، هەولێر، 2002، ل27.

11- محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، مێژووی حەسەنوەیهیو عەییاری، دەزگای رۆشنبیریو بلاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، 1996، ل ل 182، 189.

12- محمد جميل بندى الروژبيانى، بندنيجين (مندلى) في التأريخ، مجله المجمع العلمى العراقى (الهيئه الكرديه)، المجلد السابع، 1980، ص323؛ هەروەها بڕوانە مێژووی حەسەنوەیهیو عەییاری، ل104؛ هەروەها بڕوانە الاكراد في كتاب الكامل لابن الاثير، القسم الرابع، گۆڤاری كاروان، ژ 58، 1978، ص152.

13- داقوق (داقوقاء) في التاريخ، نفس المصدر، ص385.

14- بڕوانە مێژووی حەسەنوەیهیو عەییاری، رۆژبەیانی، ل197.

15- گۆڤاری كاروان، ژ (58)، 1978، الاكراد في كتاب الكامل، ص152.

16- الدكتور مصطفى جواد، جاوان القبيله الكرديه المنسيه ومشاهير الجاوانيين، مطبعة المجمع العلمى الكردى، بغداد، 1973، ص12.

17- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، ص389.

18- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، ص ص390-391.

19- الكامل في التأريخ، راجعه نخبه من العلماء، مطبعة الاستقامه، القاهره، جـ8، ص36 ؛ هەروەها شارەزور لەروانگەی سێ بابەتی مێژوویی‌دا، هەمان سەرچاوە، ل32.

20- محمد جميل الروژبيانى، بنديجين (مندلى) في التأريخ قديماً وحديثاً، مجله العلمى العراقى، المجلد، 1970، ص324.

21- زبير بلال، مجله كاروان، العدد (57)، 1987، القسم الثالث، الاكراد في كتاب الكامل لابن الاثير، ص 157.

22- سەرچاوەی پێشوو، ل157.

23- سەرچاوەی پێشوو، ل157.

24- كاروان، ژ (57)، ل158.

25- الكامل في التأريخ، مطبعة الاستقامه، جـ8، 36ص؛ هەروەها شارەزور لەروانگەی سێبابەتی مێژوویی‌دا، هەمان سەرچاوە، ل32.

26- الكامل في التأريخ، مطبعة الاستقامه جـ8، ص57 هەروەها رۆشنبیری نوێ ژ (123) ص32، هەروەها (دقوقاء) في التأريخ، ص392.

27- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، ص402.

28- د. كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها، ص ص22-23.

29- طه باقر، جولات تاريخيه بين مواطن الآثار في شمال العراق، مجله المجمع العلمي العراقي، المجلد الثالث، 1975، ص654.

30- داقوق (دقوقاء) في التأريخ، ص402.

31- داقوق في التأريخ، ص ص 405-406؛ هەروەها گۆڤاری كاروان، ژ 57، ل157.

32- 33-34-35- داقوق (دقوقاء) في التاريخ، ل ل (406-408)و (411-412)و (412).

36- مێژوویی حەسنوەیهی‌و عەییاری، هەمان سەرچاوە، ل246.

37- محمد جميل الروژبياني وشكور مصطفى، مذكرات مأمون بك بن بيگه بك، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، 1980، ص ص18-19؛ هەروەها گۆڤاری روشنبیری نوێ، ژ123، ل33.

38- شەرەفخانی بەدلیس، شەرەفنامە، بەكوردی وەرگێرانی هەژار، چاپی كۆڕی زانیاری كورد، بەغداد، 1973، ل194.

39- داقوق (دقوقاء) في التاريخ، ص415، پەراوێزی ژمارە (288)؛ هەروەها رۆشنبیری نوێ، ژ 123، ل40.

40- مذكرات مأمون بگ بن بیگەبك، ص16، پەراوێزی ژمارە (15)؛ هەروەها رۆشنبیری نوێ، ژ 123، ل41.

41- سەلاح نەقشبەندی، یاداشتەكانی مەئمون بەگی بێگەبەگ، سلێمانی، 2002، ل ل21-59.

42- د.كمال مظهر، كركوك وتوابعها، ص27.

43- كوردو كوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەكی رۆژئاواییەوە، وەرگێڕانی لەتوركیەوە، شوكور مستەفا، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق دەستەی كورد، بەرگی دەهەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد، 1983، ل ل 164، 165.

44- محمد امین زكی، خولاصەیەكی تأریخی كوردو كوردستان، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2000، ص 206.

45- د.كمال مظهر، كركوك وتوابعها، ص45.

46- داقوق (دقوقاء) في التاريخ، ص 425، پەراوێزی ژمارە (265).

47- د. نورى الطالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومى، 1999، ص ص27، 28.

48- داقوق (دقوقاء) في التاريخ، ص ص 414، 433.

49- **گۆڤاری گوڵان، ژ (401)، ئەیلولی 2002، د.خلیل اسماعیل، داقوق نیشتەجێکردنی عەرەب تاکەی.**